# ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لەرۆژانی 16و2005/4/17 مەکتەبی سیاسی، بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی‌و بەشداربونی لیدەری حیزب‌و هاوری رەحمان حسین زادە جێگری لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران–حیکمەتیست، کۆبوونەوەیەکی دوو رۆژەی بەست. ئەم کۆبوونەوەیە کەبەدوای کۆنگرەی سێهەمی حیزب‌و پلینۆمی 16ی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبدا راستە وخۆ بەرپاکرا، قسەوباسەکانی خۆی لەسەر بریارو بەلگەنامەکان و دیاریکردنی ئەو هەنگاوە عەمەلیانەی کە بۆجێخستنی جیهەتگیری‌یە سیاسی‌یە کانی کۆنگرەو پلنۆم پێویست بوو، چڕ کردەوەو لەبارەیانەوە چەندین بڕیاری پەسەندکردوو بۆ بەدواداچونیشیان کۆمسیۆنی تایبەتی بۆ هەریەکەیان دیاریکرد. هەرلەمبارەوە کۆبوونەوەکە بڕیاری بەرپاکردنی کەمپینیکی یەك مانگەی دا لەراستای ناساندنی باسەکانی کونگرەو ئەو جیهەتگیریە سیاسی و عەمەلیانەی کە ئاسوی دەورەیەکی نوێیان خستۆتە بەردەم داهاتووی حیزب.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا م.س لەبارەی بارودۆخی سیاسی ئێستای عیراق‌و پێکهاتنی حکومەتی کاتی تاڵەبانی وجەعفەری‌یەوە، قسەوباسی هەمەلایەنەی کردو ئەم حکومەتەی وەك حکومەتیکی کۆنەپەرستی قەومی وئیسلامی و دژی خەڵکی کەبەپشتیوانی ئەمەریکا، پیکهینراوە، لەقەڵەمداو پێداگری لەسەر ئەوەکرد کەدەبێ ئەم حکومەتە و هەموو ئەو دامو دەزگایانەی کە بەرهەمی جەنگ و داگیرکاری ئەمریکان، بەخەبات و نارەزایەتی جەماوەری خەلکی عیراق هەلوشێتەوە. لەبەرامبەریشدا کۆبوونەوەکە کۆنگرەی ئازادی عێراقی وەك ئەڵتەرناتیڤی ئەم دەوڵەتە ناساند وسەرەنجامیش لەمبارەوە بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد.

لەبڕگەیەکی تردا کۆبونەوەکە لەژێر ناونیشانی "حیزب لەکوردستان" چووە سەر تاوتوی کردنی ئەو ئالوگۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووری‌یە تازانەی کەبەسەر کیشەی کورد وکۆمەلگای کۆردستاندا هاتووە ولەم چوارچیوەیەشدا جیگاوریگای حیزب و کارکردن لەسەر ئەو رەوەندانەی کە بۆ دامەزارندن و گەشەدان بەکاری حیزب پێویستن تەئکید کرد وبەتایبەتیش تەئکیدی لەسەر هەلویستی دەخالەتگەرانەی تەشکیلاتی حیزب لەکوردستان کردەوە لەبەرامبەر بزوتنەوەو نارەزایەتی‌یە جەماوەری‌یەکانی قوتابیان ومامۆستایان وکرێکاران وژناندا کەرۆژانە ڕووبەرووی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەبنەوە. لایەنێکی تری ئەم باسە "کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"و جێگاو ڕیگای ئەم ڕیکخراوەیە بوو لە هێنامەیدانی خەڵکی کوردستان بە دەوری خواستی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی نا قەومی‌و نا دینی لە کوردستاندا، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کوردستان.

هەروەها کۆبوونەوەکە لەبارەی مەکتەبی تەنفیزی داهاتوی حیزبەوە بیروڕای گۆری‌یەوە و مۆلەتی دابە لیدەری حیزب تا لەکورترین ماوەدا، پێکهێنانی کابینەی خۆی بۆبریاردان لەسەری بخاتە بەردەم مەکتەبی سیاسی‌یە.

مەکتەبی سیاسی لەم کۆبوونەوەیەدا، لەراستای توند وتۆلکردن وپێناسەکردنەوەی لایەنەکانی کاری حیزب سەرنجی خستە سەر چەندین مەیدانی سەرەکی هەلسورانی حیزب لەوانە ریکخراوی دەرەوەی ولات، مالیە، پەروەردەوفیرکردنی کادران، ئەمنیەت، ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی دەوری حیزب‌و لەبارەیانەوە هەنگاو وبڕیاری پێویستی پەسەندکرد. لە کۆتایدا کۆبوونەوەکە بەتێکرای دەنگ هاوری ئەمجەد غەفوری بەسەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەلبژارد.

2005/4/17